# بەها کولتوورییەکان لە خوێندنگەکاندا

## ( بەهای ڕاستگۆیی و هاوکاریی بە نموونە)

## توێژینەوەیەکی چەندێتییە بۆ خستنەڕووی بەهای ڕاستگۆیی و هاوکاریی لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی هەڵەبجەدا

**ڕەنجدەر عمر عبداللە، سورێن أبوبکر عبداللە**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بۆ توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان بوارێکی گرنگ و لەپێشینەیە، بەتایبەت لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، یەکێك لەو دامەزراوانەی کە بەرپرسە لە گواستنەوەی ئەم بەهایانە بۆ نەوەکانی داهاتوو خوێندنگەیە، بۆ ئاشناکردن و ڕێنموونیکردنی منداڵان بەو بەهاو کولتوورەی لە کۆمەڵگەدا هەیە بۆڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان .

بەڕوانین بۆ ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی تێبینی بە گۆڕانکاریی لە ڕووی پابەندبوون بە بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەستپیدەکرێت، هەربۆیەش ئەم پرسە سەرنجی توێژەری ڕاکێشاوە، بۆئەوەی ئەم بابەتە بخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چەندێتییە، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، ئامرازی فۆڕمی پێوانە بەکار هاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی شاری هەڵەبجە. نموونەی توێژینەوەکەش(٢٩٤) خوێندکارە، لە پۆلی نۆی بنەڕەتی، کە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراون لە کۆی(١٢٤٢)خوێندکار.

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی و خستنەڕووی بەها ی ڕاستگۆیی و هاوکاریی لەناو خوێندنگەکان، هەروەها زانینی ڕادەی پابەندبوونی خوێندکارانی بنەڕەتی بە بەها ی ڕاستگۆیی و هاوکاریی. لە توێژینەوەکە دەرکەتووە خوێندکاران پابەندن بە بەهای هاوکاری و ڕێزگرتن لەخوێندنگەکاندا،جیاوازی ڕەگەزی هەیە لە وەرگرتن و پابەندبوون بە هاکان لە خوێندگەکاندا.

**کلیلە ووشەکان:** بەها، بەهای کلتووری، هاوکاری، ڕاستگۆیی، خوێندگە.

## پێشەکی:

بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، بوارێکی گرنگی زانستی کۆمەڵناسییە، کەبەردەوام لە گۆڕان و نوێبونەوەدان، ئەمەش وایکردووە بەپێی کات و سەردەم بەهاکان گۆڕانکاریان بەسەردابێت بەجۆرێک کاریگەری لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتی تاکەکانیش کردووە، بۆیە توێژەران بەردەوام توێژینەوە لەسەر بەهاکولتووری و کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریان لەسەر پوپوەندیەکۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتی تاکەکان دەکەن.

ئەم توێژینەوە، هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لە بارەی چۆنیەتی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ناو خوێندنگەکان بکات. بەهاکۆمەڵایەتییەکان هۆکاری گونجاندن و بنیادنانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانە کە هۆکارن بۆئارامی کۆمەڵگەو ڕێکخستنی، هەربۆیە چۆنیەتی کار لەسەرکردنیان لە خوێندنگاکاندا لەسەردەمی گۆڕانکاریدا گرنگی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیە کاردەکات لەسەر خستنەڕووی چۆنێتی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، هەروەک هەوڵدەدات تیشک بخاتەسەر ڕادەی پابەند بوونی خوێندکاران بە باها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە تا چ ئاستێک خوێندکار پابەندە پێیانەوە. بەهاکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن. سیستمی بەهاکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا وامان لێ دەکات بەهاکان بەرەو کاریگەری ئەرێنی زیاتر بەرەو پێبدەین. ڕێزگرتن، هاوکاری، خۆشەویستی و ئاشتی هەموویان بەها ئەرێنیەکانن، کە پێویستە لە نێوان گەنجاندا بەهێزبکرێن و پابەندبن پێیانەوە. هەروەها بەهاکانی بێ ڕێزیی و خۆپەرستی و شەڕانگێزیی بەهای نەرێنین، هەربۆیە دەبێت لە کولتووری خوێندکاران دوربخرێنەوە، چونکە ئەمانە لەداهاتوودا دەبن بە تاکی چالاک لە کۆمەڵگەدا. لێرەوە خوێندنگە ڕۆڵێکی جەوهەریی لە چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی گەنجاندا هەیە. ئەم ڕۆڵەش لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی چالاکییەکانی خوێندنگە و مامۆستایان و مامەڵەکردن لەگەڵ گروپی هاوڕێیان، ئەمەش ڕێگە بە تاک دەدات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فراوانتربکات و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێگەشتنی کەسایەتییەکەی و سەقامگیرکردنی ڕەفتارەکانی. ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازە پێکهاتووە، دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە و لەم دەروازەدا دوای خستنەڕووی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، ناساندن بۆ چەمکە کلیلییەکانی توێژینەوەکە کراوە، پاشان، باس لەبەهای کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی بەهاکان کراوە، دواتر سیمای بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی خراوەتەڕوو، پاشان باس لە ڕۆڵی خوێندنگە لە گواستنەوەی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کراوە، هەروەها ڕوانگەی تیۆری بونیادی ئەرکگەرای بۆ

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp89-98
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 4 حزيران 2025؛ قُبل في 20 تموز 2025؛ نُشرت في 4 شباط 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :ranjdar.kokoey2020@gmail.com, suren.abdullah@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2026 ڕەنجدەر عمر عبداللە، سورێن أبوبکر عبداللە. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەهاکۆمەڵایەتییەکان خراوەتەڕوو. دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە، لەم دەروازەیە ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەت

### 1. بابەتی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە گوزارشتکردنە لەو پرسیارانەی لەبیری توێژەردا دروستدەبێت، یاخود بریتییە لە هەستکردن بەبوونی تێکچوێنێک، کەموکورتی یان لاوازی، یان ناڕونی لایەنیکی دیاریکراو، کەتوێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لەبارەوەبکات(ئەبراس، ٢٠١٣: ٣٥١-٣٥٢). دوای ئەوەی توێژەر بڕیار لەسەر توێژینەوەی بابەتێکی دیاریکراو دەدات، ئەوا بەشێوەیەکی زانستی دەستدەکات بەداڕشتنی کێشەی توێژینەوەکەی(خەمەش، ٢٠١٢: ٣٨١).

بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بۆ توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان بوارێکی گرنگ و لەپێشینەیە، بەتایبەت لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەم بەهاکۆمەڵایەتیانە لەڕێگەی خوێندنگەکانەوە دەگوازریتەوە بۆنەوەکانی داهاتوو، بۆ ئاشناکردن و ڕێنمونیکردنی منداڵان بەو بەهاو کولتوورەی لە کۆمەڵگەدا هەیە بۆڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان.بەڕوانین بۆ ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی دەکرێت، تێبینی بە گۆڕانکاریی لە ڕووی پابەندبوون بە بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەستپیدەکرێت، هەربۆیەش ئەم پرسە سەرنجی توێژەری ڕاکێشاوە، بۆئەوەی ئەم بابەتە بخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

کیشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە خستنەڕووی ڕادەی پابەندی بەهای ڕاستگۆی و هاوکاریی لە خوێندنگەکان لە نێوان کوڕ و کچان؟

### 2. گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە:

1. خستنەڕووی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ناو خوێندنگەکان.
2. دەرخستنی کەموکورتییەکانی کارکردن لەسەربەهاکۆمەڵایەتییەکان لە خوێندگەکاندا.
3. بەسود و بایەخە بۆ خوێندنگەکان بۆ ئەوەی سود لەلایەنە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە وەربگرێت.

### 3. ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

1. زانیین و خستنەڕووی بەها ی ڕاستگۆیی و هاوکاریی لەناو خوێندنگەکان
2. زانینی ڕادەی پابەندبوونی خوێندکارانی بنەڕەتی بە بەهای ڕاستگۆیی و هاوکاریی لە نێوان کوڕان و کچان.

### 4. میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چەندێتییە، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی(مسح الاجتماعی) بەکارهاتووە، بۆزانینی ڕادەی پابەندی خوێندکاران بە بەهاکولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لەخوێندنگەکاندا، لەبەر ئەوەی سروشتی توێژینەوەکە دەخوازێت ئەم جۆرە میتۆدە بەکاربهێنرێت، ئەم جۆرە میتۆدە بڵاوترین جۆری ئەو میتۆدانەیە لە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان بەکاردەهێنرێت بۆ زانیین و دیاریکردنی دۆخی هەنوکەی دیاردەیەکی دیاریکراو.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەسەرجەم خوێندنگەکانی پۆلی(نۆی بنەڕەتی)، لەناوەندی قەزای هەڵەبجە.

نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراوە، لە خوێندکارانی پۆلی(نۆی بنەڕەتی)، (٢٩٤) خوێندکار وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، لەوژمارەیە(١٢٦)دانەیان لەڕەگەزی نێرن، کەدەکاتە ڕێژەی لە(٪٤٢,٩)ی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها (١٦٨)دانەیان لەڕەگەزی مێن، کە دەکاتە ڕێژەی(٪٥٧,١)ی نموونەی توێژینەوەکە.

لەم توێژینەوەدا فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوازی مقیاس(پێوانە)، بەکار هاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

### 5. ناساندنی چەمکەکان:

#### یەکەم: بەها

چەمکی بەها سەردەمانێک چەمکێکی ئابووری بووە، بەها بەواتای بەهای شتێک دێت، بەهادانانیش خەمڵاندنێکە بۆ بەهای ئەوشتە کەشایەنێتی. هەندێک سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە پرسی بەها لە فەلسەفەی کۆندا بابەتی گفتوگۆ بووە، هەر یەک لە ئەفلاتون و ئەرستۆ لە ژێر ناونیشانەکانی، ماف، جوانی، چاکە، باسیان کردووە و بەستویانەتەوە بە پرسەکانی دادپەروەری، ئەخلاق و چاکە(فەزیلەت)، چێژ سود بەختەوەری(بینیت،٢٠٠٥: ٥٤٧). زاراوەی بەها، لە زمانی عەرەبی(قیم) و بە زمانی ئینگلیزی(Value)( زیدان، ١٩٧٩: ٢٢٨). لەڕاستیدا چەمکی بەها تەنها تایبەت نیە بە زانستی کۆمەڵناسییەوە، بەڵکو زانستی ئابووری و زانستەکانی دیکەش بەکاری دینن، هەربۆیە پێناسەی جیاوازی بۆکراوە.

بەها: ئەو بیرو باوەڕانەن کە تاک پابەندە پێیانەوە دەربارەی ئامرازەکان و ئامانجەکان و شێوازەکانی ڕەفتاری پەسەندکراو، بەو پێیەی پەیوەندیەکانی تاکەکانیش ڕێکدەخەن و ئاڕاستەی هەڵوێستەکان، ڕەفتارەکان، هەڵبژاردنەکان، ویست و هیواکان دەکات و کەسایەتی تاکەکان دیاریی دەکات و مانا بەبوونیان دەدات( نخبه من علماء العرب فی علم الاجتماع، ٢٠١٠: ٦٦٠).

یاخود بەها بریتین لەو حوکمانەی لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەدەست دەهێنرێت، تاکەکان بڵاویدەکەنەوەو پەیڕەوی لێدەکەن، بوارەکانی بیرکردنەوەو ڕەفتارەکان دیاری دەکات و کاریگەری لەسەر فێربوونیش دەبێت، ڕاستگۆیی و ئەمانەت پارێزیی و پیاوەتی و مەیل و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی. لەگەڵ ئەوەشدا بەها هەموو ئەو بەهایانەن کە تاک لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا بەدەستی دەهێنێت کە تێیدا دەژی، بەهاکان بەپێی کۆمەڵگەکان و تەنانەت لە نێو گروپە بچوکەکانیشدا جیاوازن(بدوی، ١٩٧٨: ٤٣٨).

کەواتە دەتوانین بڵێین بەها: بریتیە لەو ڕێسا یاخود پێوەرانەی کە دیاریدەکەن لە کۆمەڵگادا چی شتێک دروستە وە چ شتێکیش دروست نییە. بەواتایەکی دیکە، بەهاکان پێوەرگەلێکی کۆمەڵایەتین بۆ دادوەریکردن، تاکەکان بە لەبەرچاوگرتنی بەهاکانی کۆمەڵگە هەڵسوکەوتوو ڕەفتارەکانیان ئەنجام دەدەن، بەهاکان بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوە، کام ڕەفتارە پەسەندە و کام ڕەفتار پەسەندنەکراوە، چ ڕەفتاریک ئەخلاقییە و چ ڕەفتارێک نائەخلاقییە و دەبێت لێی دووربکەونەوە. هەربۆیە دەتوانین بڵێین، بەهاکان ڕۆڵێکی گرنگ لە چەسپاندنی مەیل و ئاراستەکان لەلای تاکەکان دەگێڕن.

**دووەم کولتوور:**

وشەی کولتوور لەوشەی لاتینی (Culture)ەوە و لەفەرمانی(Coler)ەوە وەرگیراوە، لەفەرهەنگی زمانی ئینگلیزیشدا بە چەند واتایەکی جیاواز بەکار هاتووە، بەجۆرێک پەلو پۆی بۆچەند کایە و بوارێکی جیاواز هاوێشتووە(محەمەد، ٢٠٢٠: ٥٧) چەمکی کولتوور لە زمانی عەرەبیدا (الثقافة) و لە ئینگلیزیدا (Culture)(الجواهری، ٢٠١٠: ١٦٨) مێژووی چەمکی کولتوور بەو شێوازەی ئێستا بەکاردەهێنرێت، ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەردەمی کلاسيك دەگەڕێتەوە، لە بنەڕەتدا بە مانای کشتوکاڵ یان پەروەردەکردن دەهات. چەمکی کولتوور لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی١٧٥٠ و لە زمانی ئەڵمانیدا بەکارهێنراوە، بەڵام نەک بەو مانایەی ئێستا هەیەتی، بەڵکو ماناکەی لە نێوان کشتوکاڵکردن و بەرهەمهێنانی باشتردا بوو. - کولتوور بەمانای (دروێنە) یاخود بەرهەمی کرداری چاندنیش بەکارهاتووە، بەم شێوەیە گەرواتاکان بەدوای یەکداهێنین: کێڵان______چاندن______دروێنەکردن(بەرهەم)، لێرەوە ئەوەمان بۆدروست دەبێت کە کولتوور ئاڕاستەیەکی هەڵکشانی هەیە، واتە سیفەتی(پێگەیشتن، کامڵبوون، کەڵەکەبوونی هەیە.

-ئەمە تا ئەو کاتە درێژەی هەبوو،( ئاشوری، ٢٠١٣: ١٣)، کە تایلۆر(Taylor) لە ساڵی ١٨٧١ بۆ یەکەمجار ئەم چەمکەی بەشێوەیەکی زانستی پێناسەکرد لە کتێبەکەیدا بەناوی (کولتووری سەرەتای)، ئەم ناساندنە بەپێی بۆچونی لویس دۆللۆ دەنگێکی زۆری دایەوە، هەر خودی ناونیشانەکە لای خوێنەر شۆکی دروستکرد، کە دوو دژە خودی لەخۆ دەگرت (کولتوور) و(سەرەتایی)بوون(ئەلمیلاد، ٢٠١٢: ٣٨)، کە تاوەکوو ئێستا لەسەر کولتوور بەیەکێک لە هەرە پێناسە گرنگەکان دادەنرێت. تایلۆر پێیوایە، کولتوور: بریتیە لە هەموو ئەو گشتە ئاڵۆزە لە زانین و بیرو باوەڕ و هونەر و ڕەوشت و یاسا و دابونەریت پێکدێت، کە تاک وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگەکەیدا بەدەستی دەهێنێت(ملحقة سعيدة الجهوية، ٢٠٠٩: ٣٨).

کولتوور: "یەکەیەکی تەواوە لەڕەفتاری فێرکراو، لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە"( الصالح، ١٩٩٩: ١٣٧).

یان کولتوور پێکهاتەیەکی هەمەکیە، کە لە کۆی هزرەکان، بیروباوەڕەکان، نۆرمەکان، ئاڕاستەکان، بەهاکان، شێوازەکانی بیرکردنەوە، کارکردن و شێوازەکانی ڕەفتار پێکدێت(شحاتة، ٢٠٠٣: ١٦٢).

کەواتە دەتوانین بڵێین کولتوور: بە ڕێبازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا دادەنرێت، بەمەش بەرهەمی ئەو شتانە دەنوێنێت کە تاکەکانی کۆمەڵگا فێریبوون لە ڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوە یەکی دیکە دەگوازرێنەوە، کە هەریەک لە شێوازەکانی ژیانکردن و بیر و باوەڕوو هونەر و یاساو داب و نەریتەکان و ئاکار و هێماکان دەگرێتەوە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو خاوەنی واقعێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیەتی، لەوەوە کولتوورێکی دیاری کراویش ، کە هەلقوڵاوی واقعە کۆمەڵایەتییەکەیە سەر هەڵدەدات ، هەرچەندە بەهۆی جیهانگیرییەوە، تارادەیەکی زۆر لێکنزیکبوونەوەی کولتووریی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تاڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەکان بایەخ بەپاراستنی کولتووری تایبەت بەخۆیان دەدەن، لە ڕێگەی پەروەردەکردنەوە، بەتایبەتێش لەڕێگەی خوێندنگەکانەوە.

**سێیەم بەهای کۆمەڵایەتی:**

بەهای کۆمەڵایەتی لەدەرئەنجامی کارلێکی نێوان تاکەکان لەناو کۆمەڵگەدا دێتە ئاراوە و لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند کراوە، مرۆڤ لەیەکەم ساتی لەدایکبوونیەوە وەکو بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ڕوو بە ڕووی کۆمەڵێک ڕێسا ویاسا دەبێتەوە، کە بەهاکۆمەڵایەتییەکان بنەمای دروست بوونی ئەم یاساو ڕێسایانەن. مرۆڤ وەک تاکێک بەتەنہا پێویستی بەخۆگونجاندن نییە، بەڵکو لەژیانی کۆمەڵایەتیشدا پێویستی بەخۆگونجاندن هەیە. لەم ڕوانگەو ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخەن، لەهەمان کاتدا ڕێکخەری پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگەشن(BÜYÜKSAKALLI, 2019: 42).

بەهای کۆمەڵایەتی: ئەو سیفەتانەیە ئارەزووی لەسەرەو دیاریکراوەو شێوازی سیفەتی گشتی بۆ هەموو تاکەکان لەخۆدەگرێت، هەروەها دەبێتە ئاڕاستەکەری ڕەوشت یان دەبێتە ئامانجێک بۆیان(بدوی، ١٩٧٨: ٣٩٨).

بەهای کۆمەڵایەتی: تایبەتمەندیی دیاریکراوی کولتوورە، کە شێوازی گشتییەتی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت، دەبێتە ئاڕاستەکەری ڕەوشت یان ئامانج بۆیان(الصالح، ١٩٩٩: ٥٠٨).

کەواتە دەتوانین بڵێین بەهای کۆمەڵایەتی: بریتیە لەکۆمەڵێک پێوەر و یاسای دیاریکراو کە لەناو کۆمەڵگەدا بەهایان پێدراوە و وەک پێوەرێک بەکاردەهێنرێن بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان لە نموونەی بەهاکانی(ڕاستگۆیی، هاوکاریی، پاکوخاوێنی ژینگەیی)کە لەکۆمەڵگای کوردیدا بەهایان هەیە، دەمانەوێت بزانین هەتاچەند گرنگی بەم بەهایانە دەدرێت لەپلان و پرۆگرامی خوێندنگە بنەڕەتییەکانی هەڵەبجەدا.

بەهاکان کاتێک دەبن بەدیاردە لەنێو کۆمەڵگەکاندا، ئیدی دەبن بەبەشێک لەکولتووریی کۆمەڵگە.

**چوارەم خوێندنگە:**

بەشێوەیەکی گشتی خوێندنگە بەزمانی لاتینی بە (skhole)یان(scola)هاتووە کە بەمانای کاتی بەتاڵ دێت(ÖZENİR, 2019: 10)، لەسەردەمی یۆنانی کۆندا خوێندنگە بەو شوێنە وتراوە، کە کوڕان و کچانی گەنج ڕۆشتوون زانست و زانیارییان لە فەیلەسوفان و زانایانی ئەو سەردەمە، وەرگرتووە. ئەو شوێنەی تێیدا کۆدەبوونەوە گرنگی بەلایەنی ڕۆحی دەدرا و گفتوگۆ لەسەر شێوازەکانی ژیان و لایەنە جیاوازەکانی کولتوور دەکرا(Uzunöz, 2016: 343).

دامەزراوەی خوێندنگە تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەو مادده خامەی کە ئیشی لەسەر دەکات، خودی مرۆڤە(ARSLAN, 2020: 2).

لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، خوێندنگە هەم دامەزراوەیە هەم ئیدارەیەکی پەروەردەییە، ئەو شوێنەیە، کە وێنای داهاتووی کۆمەڵگا یاخود دەوڵەت دەکات، خوێندکاران بەدامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت ئاشنا دەکات(Polat, 2022: 21-22).

خوێندنگە: بریتیە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز کە تێیدا لەڕێگەی پلان و پرۆگرامی تایبەتەوە وەڵامی پێویستی و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە دەداتەوە(Aslan, 2014: 12).

(بلعید جومعە) پێناسەی بەو بەشە لەنەسەقی کۆمەڵایەتی دەکات، کە وێنای هەموو کۆمەڵگا دەکات، کۆمەڵگا دروستی کردووە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لە ڕێگەی بەرپرسیارێتی بۆ هەستان بە پەروەردە و پێگەیاندن و ئامادەکردنی زانیاریی و ئاڕاستەکان و بەهاکان بۆ ژیان، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک لە مامۆستا کە پابەندکراون بەپرۆگرامێکی پلان بۆ داڕێژراو(صاڵح، ٢٠١٩: ١٣).

خوێندگەی بنەڕتی: بەپێی بەندی دووەمی بڕیاری ژمارە (٧)ی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣٠) لە ڕێکەوتی٢١|١|٢٠٠٩ سیستمی نوێی وەزارەتی

پەروەردە بۆ خوێندنگە بنەڕەتییەکان دیاری کرا و بەمشێوە پێناسەی خوێندنگەی بنەڕەتی کراوە کە " خوێندنگەی بنەڕەتی بەپێی ئەم سیستمە نوێیە کاردەکات، بۆ ئەوەی سەرجەم منداڵانی کوردستان هەر لە تەمەنی شەشساڵییەوە بە (٩)ساڵی خوێندنی تەوزیمی(پابەندبوون) بتوانن کەسایەتی خۆیان دروست بکەن و گەشە بەلایەنی هزری و جەستەیی و گیانی و ڕەفتاریی خۆیان بدەن و ببنە هاوڵاتییەکی لەشساغ و دەرون پاک و مێشک کراوە لەپێناو ئەوەی ڕۆڵێکی ئەرێنیان لەگەشەسەندنی کۆمەڵگەدا هەبێت"( لیژنەی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٩: ٤).

کەواتە دەتوانین بڵێین خوێندنگە: دامەزراوەیەکی فەرمییە لە لایەن دەوڵەتەوە دامەزراوە، ئەرکی پەروەردەیی و فێربوونی لە ڕێگەی پلان و پرۆگرامی دیاری کراوەوە تێدا جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لە گواستنەوەی ئەو بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییە باوانەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە بۆنەوەکانی داهاتوو بەشدار دەبێت.

هەر کۆمەڵگەیەک چەندین بەهایی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم بەهایانە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕن، جگە لە خێزان، خوێندنگە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لە گواستنەوەی ئەم بەها کۆمەڵایەتییانە بە نەوەکانی داهاتوو، مەبەستمان لەخوێندنگە لەم توێژینەوەیەدا، خوێندنگە بنەڕەتییە حکومییەکانی شاری هەڵەبجەیە.

## 6. بەها کۆمەڵایەتییەکان و سەرچاوەکانیان

### 1.6 بەها کۆمەڵایەتییەکان

لەدیاریکردنی مانای بەهادا ناڕوونی بەرچاودەبین لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بەهاکاندا. ئەم نا ڕوونیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پێناسەکردنی بەهاکان، لەلایەک لەڕوانگەی فەلسەفییەوە بەمانای چاکە، فەزیلەت و جوانی بەکارهێنراوە، زانستە ڕەفتارییەکان وەک ڕێکخستنی دەروونی لە سەیری بەهاکان دەڕوانن و زانستی ئابووریش دیدگایەکی ئابووریانەی بە زاراوەی بەهاکان بەخشیوە(خروف، ١٩٩٨: ١٤٦).

بەها بایەخ و نرخ یان گرنگی و ڕێزە، کە مرۆڤ بە کەسێک یان شتێک یان کردارێکی دەدات، پەیوەندی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان و هێنانەدی ئامانجەکانەوە هەیە، بەها لەگەڵ ئەزموون و بۆچون جیاوازی هەیە، چونکە بەهاکان پەیمان و پابەندبوونی زیاتر بۆ تاکەکان دروستدەکات. بەهاکان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ژیان پەیوەندی پەیدادەکەن، تێڕوانین و ڕەفتاری جیاواز بەدیدێنن(پارسا، ٢٠٢١: ٢٥٢). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی بەهاکانیەتی، کە بەپێکهێنەری سەرەکی کۆمەڵگە و کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت، بەهاکان کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر ئاکار، ئاڕاستە و پەیوەندییەکانی تاکە لەنێو کۆمەڵگەدا و لەهەموو کۆمەڵگەیەکیشدا گرنگی تایبەتی پێدەدرێت. ناوەندە پەروەردەییەکان، خێزان و کۆمەڵگە بەرپرسن لە ئاشناکردن و ڕاهێنان و فێرکردنی تاکەکان بەو بەها باوانە، بەو پێیەی بەهاکان چەمکێکی بنەڕەتین، بۆ پێوانەکردنی چالاکیەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی گشتی بەهاکان بەگشتی بەتایبەتی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەپێشخستنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن(حمە، ٢٠٢٢: ٤٧). بەهاکان زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە لەسەری ڕێکەوتوون ڕێزیان لێدەگیرێت، ئەوان ئارەزویان لەبەردەوامبوون و میرات بوونی هەیە، هەرچەندە پلەی قبوڵکردن لە بەهاکان جیاوازە(رشوان، ٢٠١٢: ١٥٦).

هەروەها بەهاکان لە گرنگترین پێکهاتەکانی کولتوورن و پێوەر و دابونەریتەکان لێیەوە وەرگیراوە، یاخود ئەو باوەڕانەن ڕەفتاریک لەڕەفتارێکی تر جیادەکەنەوە، وەک جیاکردنەوەی ڕاستگۆیی لە ناڕاستی، بوێری لە ترسنۆکی، بەخشندەیی لە دەسگرتنەو(نخبە من علماء العرب فی علم الاجتماع، ٢٠١٠: ٦٦٠). بەهاکان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕێنمایی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکەن چ ئاسایی بێت یان لادان، لەم ڕوانگەوە سیستمی بەهاکان لە بونیادنانی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی ئەو کارلێکانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن. ڕەفتاری تاکەکان لەلایەن کولتوور و بەهاکۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێنمای دەکرێن، هەربۆیە تاکو کولتوور و بەهاکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرترین لە کۆنترۆڵکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە زیاتر جێگرتر دەبێت(الدین، ٢٠١٧-٢٠١٨: ١١٣). بەهاکان لە ڕێگەی بۆماوەیی بایۆلۆجی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە ناگوازرێتەوە، بەڵکو لەڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگیریت، کە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، خوێندنگە، ڕێکخراوەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشداری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی تێدا دەکەن. منداڵی گونجاوترین قۆناغە بۆ وەرگرتنی بەهاکان، چونکە بە قۆناغی پێکهێنان و بونیادنانی کەسایەتیی تاک دادەنرێت و بنەماکانی کەسایەتی تاک و ڕووخسارەکانی داهاتووی تێدا ڕەنگدەداتەوە(پەتی،٢٠٢٤: ١٧).

کولتووری هە رکۆمەلکەیەکی مرۆیی کۆمەلێک پێکهاتەی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، کە سروشتی ئەم کولتوورە و سیما گشتییەکەی دیاریدەکەن، ئەم توخمە کولتوورییانە سەقامگیریی کاتییان هەیە و بەپێی بارودۆخەکان کە کۆمەڵگە ڕوبەڕووی دەبێتەوە دووچاری گۆڕان دەبن، بەڵام لەنێو ئەم توخمەکولتووریانە هەندێک توخمی کولتووری هەیە کۆمەڵگە ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، وەک بیروباوەڕی ئاینی، زمانی نەتەوەیی، بەها ئەخلاقییە باڵاکان... . ئەو توخمە کولتووریانەشی دووچاری گۆڕان دەبن وەک شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و شێوازی ڕەفتاریان (طە، ٢٠٠٧: ٣٨). بەهاکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گرنگی خۆیان هەیە، چونکە تاکەکان پێویستییان بە سیستمێکی بەهایی هەیە، کە لەڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا بکات. ئەم سیستمە بەهاییە ئاڕاستەکەری ڕەفتار و هێزی چالاکی و ڕێکخەری پاڵنەرەکانیانە(پەتی، ٢٠٢٤: ١١).هەروەها ڕێگەمان پێدەدات بزانین چاوەڕوانی چی لەکەسانی دیکە بکەین و ئەوانیش دەتوانن چاوەڕوانی چیمان لێ بکەن(Hughes, 2005: 44). لەم ڕوانگەوە پارسۆنز پێی وایە، بەهاکان دیاردەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتین، کە لە شێوەی ڕەفتار و هێماکان پێکدێت، هەروەها وای دەبینێت پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کرداری کۆمەڵایەتی تاکەکان هەیە، چونکە ئەو بەهاو پێوەرانە لایەنی فیزیکی کار و کرداری تاک نیشاندەدەن، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەر لەسەرەتای لە دایکبونییەوە بونەوەرێکی ڕەفتارییە. هەروەها پارسۆنز جەخت لەوە دەکاتەوە بەهاکان دەبنە هۆی دیاریکردنی کرداری کۆمەڵایەتی، چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەشی خۆی لە سێ ڕۆڵدا دەبینێتەوە، پێکدێت لە ڕۆڵی بکەر، ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژی و ڕۆڵی ئاڕاستەکان، واتە پارسۆنز لە ڕێگەی هزر و بیری مرۆڤەکانەوە دەڕوانێتە ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتیش پێوەر و بەهاکان، هەر بۆیە پێیوایە پێوەرەکان، بنەما کۆمەڵایەتییە قبوڵکراوەکانن، کە مرۆڤ بۆ بڕیاردان لەسەر کردارەکانی بەکاریان دەهێنێت(رؤوف، ٢٠٢٣: ٢٨). سورۆکین ڕونیدەکاتەوە بەهاکان لە بنچینەی هەموو سیستم و ڕەوتە کۆمەڵیەتییەکاندان، بۆیە دەبێت کۆمەڵناسی وەک ئەرکی سەرەکی خۆی لێکۆڵینەوە لە بەهاکان بێت(بیومی، ١٩٨١: ٢٢٥).

### 2.6 سەرچاوەی بەهاکان:

**١- ئایین:**

یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، کە لە ڕێگەی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانییەوە کاربۆ فێرکردنی بەها و بنەماکانی پەیوەست بە ئاینەکەوە دەکات. هەموو ئایینێک بنەما یان سیستمی بەهای تایبەت بەخۆی هەیە کە کاریان

لەسەردەكات. زۆرێک لە زانایان پەیوەندی نێوان ئایین و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان لە پەیوەندیدا بە ڕەفتار و کردارەکانی تاکەکانەوە بە بەهای ئاینی شیکار کردووە، وەک: دورکهایم و ڤیبەر(بوفرعة، ٢٠٢٤: ٣١٠).

**٢- خێزان:**

بە ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی نێوان تاکەکان دادەنرێت، کە دوو نەوەی یەک لە دوای یەک پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بە پەروەردەکردنی منداڵی هەر نەوەیەک لەسەر بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی نەوەی پێشوو. خێزان بۆ پێکهێنانی کەسایەتی تاک و پەروەردەکردنی لە ڕووی جەستەیی، دەروونی و ڕۆحییەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دیکە بەهاکان دەگوازێتەوە. هەر بۆیە دەتوانین جەخت لەسەر ڕۆڵی خێزان بکەینەوە وەک نێوەندگیرێکی گرنگی نێوان کولتوور و تاک، کە لە ڕێگەیەوە بەهاکان لە ڕۆحی منداڵاندا دەچێنرێن(بوفرعة، ٢٠٢٤: ٣١٠).

**٣- پەروەردە:**

پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی چاندنی بەها کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکان لە ناخی تاکەکاندا دەگێڕێت، بۆ ئەوەی ببنە کەسێکی خوێندەوار، ڕۆشنبیر، شارەزای پیشەیی، ڕێزگرتن لە یاسا، و تەرخانکراو بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی. خوێندنگە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەی و کۆمەڵایەتی فەرمی، ئەرکی پەروەردە و گواستنەوەی کولتووری پێشکەوتوو و هەڵدەگرێت، هەروەها هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی جەستەیی و دەروونی و سۆزداریی و کۆمەڵایەتی منداڵ دابین دەکات. هەروەها گرنگی بە فێربوونی زیاتری پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیان دەدات(محمد، ٢٠٢٢: ٣٢٧). خوێندنگە نوێنەرایەتی هەوڵێکی فەرمی و هۆشیارانە دەکات لەلایەن کۆمەڵگاوە بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش لە ڕێگەی ناوەڕۆکی پرۆگرام و چالاکییە هاوبەشەکانی خوێندنگەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها خوێندنگە لە ڕێگەی هەڵوێستی مامۆستایان و ئەو بەهایانەی کە دەیگوازنەوە بۆ منداڵ دەرفەتی هاوڕێیەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەنجان دروست دەکات.( محمد، ٢٠٢٢: ٣٢٩)، پەیوەندی نێوان پەروەردە و باها پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕە، هەریەکەیان ئەوی دیکەیان تەواو دەکات، بەبێ پەروەردە چاندنی بەهاکان لای تاکەکان قورس دەبێت، بەبێ بەهاکانیش پەروەردە گرنگی و سودی لاواز دەبێت(محمد، ٢٠١٦: ٦٠) لەم ڕوانگەیەوە تالکۆت پارسۆنز لە پەروەردەکردنی تاکەکاندا جەخت لەسەر ڕۆڵی زانکۆ دەکاتەوە، پێی وایە ڕۆڵی زانکۆ لە ڕۆڵی خێزان و خوێندنگە کەمترنییە، بەڵکو تەواوکەری بەدەست هێنانی بەهاکانە. لەڕوانگەی ئەمدا زانکۆ نوێنەرایەتی ئەوچینە خوێندەوارە دەکات کە بۆ بەردەوامبوونی شارستانیەت و کولتووری خێرای گەشەکردن و بەردەوامبوونی گەشەسەندنی کۆمەڵگە پشتی پێدەبەسترێت(ئیسماعیل، ٢٠٢٢: ٢٤-٢٥).

**٤- میدیا:**

بەگشتی ئەو میدیایانەی ئەندامانی کۆمەڵگا بەبێ گوێدانە تەمەن، منداڵ یان گەنج کارلێکیان لەگەڵدا دەکەن، ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوون و دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن. لەگەڵ ئەوەشدا میدیاکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردەکردنی و پێکهێنانی کەسایەتییان و دابینکردنی ئەزموون و زانیاری ئەندامانی کۆمەڵگە دەگێڕن. میدیاکان زۆرن و جۆراوجۆرن، لەوانە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان... . هەربۆیە کاریگەریی هەر یەکێک لەم ئامرازانە لەسەر ئاستی کوالیتی و ناوەڕۆکەکەی بەندە. میدیاکان بەگشتی ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، کە بریتییە لە گەیاندنی پەیامێک، بیرۆکەیەک و زانیارییەک، جا چ بیستراو بێت یان بینراو یاخود نووسراو بێت(بوفرعة، ٢٠٢٤: ٣١١). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا میدیاکان بەسەرچاوەیەکی گرنگی بەهاکان دادەنرێت، بەوپێیەی خەڵکی بەگشتی تەمەن و ڕەگەزی جیاواز کاریگەریی دەکاتە سەریان هاوکات ئامرازێکی گرنگ بۆ پەروەردەی بەردەوام و پێشکەوتنی کولتووری کۆمەڵگەکان دادەنرێت(عامر، ٢٠١٩: ١٠).

**٥- کولتوور:**

بەهاکان بە یەکێک لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کولتوور دادەنرێت، بەو پێیەی کولتوور بە گوتەی تایلۆر، دەفریکە کە هەموو شتێکی ماددیی و مەعنەوی لەخۆدەگرێت. جگە لەوەش زانین بە مانا فراوانی و پانتاییەکەیەوە دەگرێتەوە، کە سەرچاوەیەکی گرنگی بەهاکانە. "حەلیم بەرەکات" پشتڕاستی دەکاتەوە کە بەهاکان یەکێکن لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کولتوور بە وتەی خۆی: "هەموو کۆمەڵگایەک بە کولتووری خۆی جیا دەکرێتەوە"( بوفرعة، ٢٠٢٤: ٣١٢)

**٦-گرووپی هاوڕێیان:**

گرنگی گرووپی هاوڕێیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە گشتی مرۆڤ و بە تایبەت منداڵ بەردەوام هەوڵی لاسایکردنەوە دەدات. بە واتایەکی دیکە مرۆڤ بەهاو ڕەفتارەکان وەردەگرێت و لاساییان دەکاتەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ دینامیکی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوانیان و ئاڵوگۆڕی قسەکردن و گفتوگۆ دەگەڕێتەوە. هەربۆیە هاوڕێ بە یەکێک لەسەرچاوەکانی داڕشتن و گۆڕینی بەهای تاکەکان دادەنرێت، بەوپێیەی مرۆڤ بەسروشتی خۆیان بەهاو هەڵوێستی ئەو تاکانە دەگرێتەبەر کە یاوەرییان دەکەن، بەتایبەت لە قۆناغی هەرزەکاریدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەرزەکار لەڕێگەی هاوڕێکانییەوە خودی خۆی بەدەست دەهێنێت و بەهاو بنەماکانیان وەردەگرێت(ئیسماعیل، ٢٠٢٢: ٢٥).

**3.6 سیمای بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی:**

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی کوردی، خاوەنی سیستەمێکی بەهای تایبەت بەخۆی هەیە هەر بەوەش لە کۆمەڵگەکانی دیکە جیادەکرێتەوە. ئەم سیستەمەش لەنێو خۆیدا کۆمەڵێک لە بەهای بەربڵاو ناسراوو دانپێدانراو کە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە لە خۆگرتووە. گرنگترین ئەو بەهایانەش بریتین لە بەهای (هاوکاری، ڕێزگرتن، متمانە، ئەمانەت پارێزیی، بەزەیی، چاکە، دەسکراوەیی، شەرەف...). ئەو بەهایانەی کە پەیوەندی بە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەزەوە و گرنگی پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە هەیە. ئەم بەهایانە بوونەتە هۆی زیاتر ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی کارلێکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی هاوبەندی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا(محمدامین، ٢٠١٧؛ ٣٧). لەڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناس(ریچ)ەوە کوردەکان زۆر کۆمەڵایەتین، کۆمەڵگەی کوردی ڕێز لەبەساڵاچوان دەگرن، هەربۆیە ریچ ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات کە سەردانی کوردستان دەکەن ڕێز لە بەساڵاچوان بگرن. هەروەها (ئیدمۆند) پێی وایە کوردەکان زۆر ریز لە بەرامبەرەکانیان دەگرن و لە کاتی پێشکەشکردنی پێداویستیەکانیان بەڕێزو بە ئەدەبەوە پێشکەشی دەکەن(سندی، ٢٠٠٢: ٣٤-٣٥)

یەکێکی دیکە لە لەو بەهایانەی کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە بریتییە لە گرنگیدان بە ڕێزگرتن لەنێو خێزاندا. (میجەرسۆن) یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە ئاماژە بەوە دەکات لە نێو خێزانی کوردیدا پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لەسەر بنەمای(ڕێز و خۆشەویستی) دامەزراوە و بەو ڕۆحیەتە پێکەوەییەوە ڕوبەڕوی ئاستەنگەکان

دەبنەوە. بەپێچەوانەی نەتەوەکانی ترەوە کوردەکان زۆر ڕێز لە ژنان دەگرن(عوسمان، ٢٠٢٢: ٨٧). بەهای ڕێزگرتن و بە تایبەت بەهای ڕێزگرتنی گەورە و بچوک، کە ئەم ڕێزگرتنە لە ناو ژیانی کۆچەریی، گوند و شارەکانییشدا بڵاوە. بچوک ڕێز بۆ گەورەدا دادەنێت و لە بەرامبەر ئەوەشدا گەورەکان سۆزیان بۆیان دەبێت و بەردەوام ئامۆژگارییان دەکەن(کریم، ٢٠٢٤: ٣٠٨)، زۆرێك لەڕۆژهەڵاتناسەکانی وەك(بیندەر، سۆن، میلیکن، مینۆرسکی، کریستوف،...) لەباسی سیفاتە کۆمەڵایەتیی و کەسێتییەکانی تاکی کوردیان کردووە ئاماژەیان بەم سیفاتانەکردووە لەکۆمەڵگەی کوردی و تاکی کورد دا(ئازایەتی، تۆڵەسێن، خۆڕاگرن، پابەندی پەیوەندی خێڵەکین،

پارێزکارن لەڕوی دابونەریت، میواندۆستن، کراوەن، خۆشەویستیان بۆخاك و نیشتیمان زۆرە، زۆرڕێز لەخێزانەکانیان دەگرن، خاوەنی بەڵێنن...)( فەرەج، ٢٠٢٤: ٧٢).

رۆڵی خوێندنگە لە گواستنەوەی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان

خوێندنگە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمییە و ئەرکی پەروەردەیی و گواستنەوەی کولتووری پێشکەوتوو ئەنجام دەدات. کۆمەڵگەش ئەم دەزگایە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دروست دەکات(بابان، ٢٠٢١: ١٨٢). خوێندنگە ڕۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵاندا هەیە، چونکە خوێندنگە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمیی، کە ئەرکی پەروەردەیە، بۆ چەسپاندن و قوڵکردنەوەی ئەزمونەکانی کۆمەڵگە و کولتوورەکەی لە ڕۆحی منداڵاندا، بە پێی ئەوەی کە کۆمەڵگە دەیەوێت و بەدوایدا دەگەڕێت، کار دەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای بەهاو دابونەریتی خۆی هاوتەریب لەگەڵ فەلسەفەی ژیانی خۆی. خوێندنگە بەم مانایە ئامرازی کۆمەڵگەیە بۆپەروەردەکردنی منداڵان و خوێندکاران و دابینکردنی بەها و ڕەوتی مەعریفە و زانستە جۆراوجۆرەکان بۆیان، کە لەگەڵ ئاستی تەمەنە جیاوازەکانیاندا بگونجێت، ئەمەش بەمەرجێک پرۆگرامی خوێندنگەکە لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بمێنێتەوە و لە گۆڕانکاریدا بێت، ئەمەش بۆئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە بگونجێت، چونکە ژیان لەنوێبونەوەی بەردەوامدایە. لێرەوە پێویستە خوێندنگە لە سنورێکی دیاریکراودا نەوەستێت لە پەروەردەکردن و فێرکردنی بەهاکان یان زانستێک، چونکە بەردەوام گەشەدەکەن و دەگۆڕێن(الكعبي، ٢٠١٨: ٣٣٢-٣٣٣). لە بنەڕەتدا خوێندنگە ئەو دامەزراوەیە کە کۆمەڵگە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو دایمەزراندووە، وەک ئەرکی پاراستنی ژیانی کۆمەڵگە و دابینکردنکی ژیانی خۆشگوزەرانی بەردەوامی گەشەسەندوو(دیوی، ١٩٦٦: ٢٥)

بەهاکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن. سیستمی بەهاکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا وامان لێ دەکات بەهاکان بەرەو کاریگەری ئەرێنی زیاتر برەو پێبدەین. ڕێزگرتن، هاوکاری، خۆشەویستی و ئاشتی هەموویان بەها ئەرێنیەکانن، کە پێویستە لە نێوان گەنجاندا بەهێزبکرێن و پابەندبن پێیانەوە. هەروەها بەهاکانی بێ ڕێزیی و خۆپەرستی و شەڕانگێزیی بەهای نەرێنین، هەربۆیە دەبێت لە کولتووری خوێندکاران دوربخرێنەوە، چونکە ئەمانە لەداهاتوودا دەبن بە تاکی چالاکی لە کۆمەڵگەدا. لێرەوە خوێندنگە ڕۆڵێکی جەوهەریی لە چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی گەنجاندا هەیە. ئەم ڕۆڵەش لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی چالاکییەکانی خوێندنگە و مامۆستایان و مامەڵەکردن لەگەڵ گروپی هاوڕێیان، ئەمەش ڕێگە بە تاک دەدات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فراوانتربکات و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێگەشتنی کەسایەتییەکەی و سەقامگیرکردنی ڕەفتارەکانی(هیاق، ٢٠٢٢: ٩٠).

خوێندنگە بە پرۆگرامی پەروەردەیی و ڕێبازە پێداگۆجییەکانییەوە بۆ پاککردنەوە و ئەقڵانیکردنی بەهاکان کاردەکات، لە ڕێگەی پاراستن و بەهێزکردنی بەها ئەرێنییەکان و سڕینەوەی ئەو بەهایانەی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیماندا ناگونجێت، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی ئاستەنگە گەورەکانی جیهانگیریی و هێرشی کولتووریی، کە لە ئەنجامدا دروست دەبێت. هەربۆیە خوێندنگەکان وەك قەڵایەک دادەنرێن لە بەرامبەر هەر هەوڵێکدا بۆ تێکدانیشوناسی نەتەوەییدا. لەم ڕوانگەوە سیستمی پەروەردە لە دامەزراندنی توخمە کولتوورییە هاوبەشەکان و گەشەسەندیان، کە ئاسۆ بۆهەمەجۆریی تاکەکەسی و دەستەجەمعی ڕیزگرتن لە جیاوازییەکان و دیدگاکان، کە ئامرازیکە بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی بەرپرسیارییەکی گەورەی لە ئەستۆدایە(هیاق، ٢٠٢٢: ٩١)

شیکاری تیۆری بونیادی ئەرکەگەرایی بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان

تیۆری بونیادیی ئەرکەگەرایی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا. لە پێشەنگەکانی ئەم تیۆرییە بریتیین لە (هێربرت سپنسەر، تالکۆت پارسۆنز، میرتۆن، هانز کێرس و رایت میڵز)( حەسەن، ٢٠١٢: ٦٨). تیۆری بونیادی ئەرکەگەرایی باوەڕی وایە کە کۆمەڵگە یاخود گروپ یاخود دامەزراوە بونیادێکیان هەیە،کە ئەو بونیادەش لە چەند بەشێك پێکدێت، هەر بەشێک ئەرکێکی هەیە، ئەرکی هەر بەشێکیش تەواوکەری ئەرکی بەشەکانی دیکەیە، کە بۆ بەردەوامبوون و دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەیی پلانی بۆدانراوە یارمەتی سیستم دەدات (حەسەن، ٢٠١٢: ٧١)

وەك چۆن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکان پێکدێت، هەر دامەزراوەیەکیش ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە. دامەزراوەی پەروەردەیش، وەك هەردامەزراوەیەکی دیکە دەتوانرێت شیکار بۆ توخمە سەرەتاییەکانی بکرێت، ئەم توخمانەش لە ڕۆڵی سەرکردایەتی و ناوەڕاست(مام ناوەند) و بنەڕەتی پێکدێت- ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەمانە ئەو ڕۆڵانەن کەلوتکەی هەرەمی دامەزراوەکە داگیر دەکەن وەك بەڕێوبەری خوێندنگە، هەرچی ڕۆڵ مام ناوەندەکانیشە، ئەو ڕۆڵانەن کە دەکەونە نێوان ڕۆڵی سەرکردایەتی و بنەڕەتی وەک ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکار، هەروەها ڕۆڵە بنەڕەتییەکان ئەو ڕۆڵانەن دەکەونە خوارەوەی هەرەمی دامەزراوەکە.-هەریەک لەم ڕۆڵانە ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەلایەن دامەزراوەکەوە بۆی دیاریکراوە. هەر یەک لە ڕۆڵەکان ئەرکێك ئەنجامدەدەن و مافی ڕۆڵەکەش دیاریدەکەن، جا چ ماددیی یاخود مەعنەویی.

شیکاری بونیادی ئەرکگەرایەتی بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان، ئەو بیرۆکە لەخۆ دەگرێت کە هەر دامەزراوەیەك لە چەند بەشێك پێکدێت، هەربەشێك ئەرك و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، کە بەپێی یاسای نوسراو یاخود دانپێدانراوی دامەزراوەکە، دیاریکراوە.( الحسن، ٢٠٠٥: ٦٩) هەر ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەی پەروەردە ئەرک و مافی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، کە گرنگییەکەی بە یاسای نوسراو یان نەنوسراوی خوێندنگە پشتڕاست دەکرێتەوە. بەڕێوبەر یاخود مامۆستا یاخود خوێندکار، ئەرک و مافی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە، ئەرکەکانی مامۆستا جیاوازە لە ئەرکەکانی بەڕێوبەر و خوێندکار. سەرەڕای جیاوازیی و نایەکسانی لە نێوان ئەرکەکانی بەڕێوبەر، مامۆستا و خوێندکاردا، پلەیەك لە یەککگرتن لە نێوان ئەرکەکانی ئەم ڕۆڵانە هەیە، بەوپێیەی ئەرکەکانی خوێندکار تەاوکەری ئەرکەکانی مامۆستایانن و ئەرکەکانی بەڕێوبەر تەواوکاری ئەرکەکانی خوێندکارانن، بەڵام ئەم تەواوکارییە هیچ کات بەمانای ئەوە نایەت کە مامۆستا بتوانێت ئەرکەکانی خوێندکار لە ئەستۆ بگرێت و خوێندکار بتوانیت ئەرکەکانی مامۆستا یاخود بەڕێوبەر لەئەستۆ بگرێت، چونکە هەموو توێژێکی کۆمەڵایەتی ئەرک و گرنگی خۆی هەیە، کە بەیاسای دامەزراوە پەروەردەییەکان دیاریکراوە(الحسن، ٢٠٠٥: ٧٦).

به پێی تێڕوانینی بونیادی ئەرکگەرایەتی، شێوازی جیاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا هەیە، فۆرمە جیاوازەکانی پەیوەندییە مرۆییەکان سیمای کۆمەڵایەتی جیاواز بە دامەزراوە پەروەردەییەکان دەبەخشن، کە ڕەنگە ببێتە هۆی سەرکەوتن یان شکستی. هەربۆیە گەرسروشتی پەیوەندییە هاوکاریي و کێبرکییەکان لە دامەزراوەی پەروەردەیدا بپشکنین، بۆمان دەردەکەوێت، هاوکاریي دەبێتە هۆی گەشەکردنی دامەزراوەکە و کاریگەرییەکانی زیاد دەکات، توانای گەشتن بەئامانجەکانی زیاد دەکات، هاوکاریي نێوان مامۆستا و خوێندکاران لە خوێندنگەدا لە کاتی ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیاریەتیەکاندا پەیوەندیي نێوانیان بەهێز دەکات. ئەمەش هانی مامۆستایان دەدات بۆئەوەی بەباشی وانە بڵێنەوە و خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکی زانستی و پەروەردەیي تەرخان بکەن. بە کێبرکێش بەسەر دووجۆردا دابەش دەبێت، کێبرکێی بونیادنەرانە و کێبرکێی تێکدەر، کێبرکێی بونیادنەرانە لە نێوان مامۆستا و خوێندکار زۆرجار دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئاستی بەخشین، کە مامۆستا پێشکەشی خوێندکارانی دەکات، هەروەها زیادکردنی هەوڵ و کۆشسی خوێندکاران بۆ ئەنجامەکانیان. بەڵام کێبرکێی وێرانکەردەبێتە هۆی ناکۆکیي و وێرانکاریي لە کاری دامەزراوەکە ڕێگریي لە پێشکەوتن و کاری دامەزراوەکە دەکات، هەروەها ڕێگریي لە گەیشتن بە ئامانجی دامەزراوەکەش دەکات (الحسن، ٢٠٠٥: ٧٣-٧٤).

## لایەنی مەیدانی:

لەم توێژینەوەیە بە وەرگرتنی تەنها ٢ جۆری بەها، کارکراوە بۆ وەڵامدانەوەی ئامانجی توێژینەوەکە، لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو خشتە و ئەنجامانەی پەیوەندارە بە بەهای ڕاستگۆی و هاوکاری خوێندکاران لە خوێندگەکانی هەڵەبجەدا. نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراوە، لە خوێندکارانی پۆلی(نۆی بنەڕەتی)، ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چەندێتییە، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتوە، بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، ئامرازی فۆڕمی پێوانە بەکار هاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی شاری هەڵەبجە. نموونەی توێژینەوەکەش(٢٩٤) خوێندکارە، لە پۆلی نۆی بنەڕەتی، کە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراون لە کۆی(١٢٤٢)خوێندکار.

(٢٩٤) خوێندکار وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، لەو ژمارەیە(١٢٦)دانەیان لەڕەگەزی نێرن، کەدەکاتە ڕێژەی لە(٪٤٢,٩)ی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها (١٦٨)دانەیان لەڕەگەزی مێن، کە دەکاتە ڕێژەی(٪٥٧,١)ی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (١)**

**ڕێزگرتن لەو هاوڕێیانەی ئاینیان جیاوازە**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| لە خوێندنگە ڕێز لەو هاوڕێیانەم دەگرم ئاینییان جیاوازە | 2.26 | 1.24 | 1.55 | 0.88 | 5.64 | 0.001 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە ڕێزگرتن لەو هاوڕێیانەی ئاینیان جیاوازە، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,٢٦)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٥٥). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر ڕێز
لەو هاوڕێیانەیان دەگرن، کە ئاینیان جیاوازە لە خوێندنگەکان.

**خشتەی (٢)**

**هاوکاری کردنی ئەو هاوڕێیانەی نەتەوەیان جیاوازە**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| لە خوێندنگەکەم هاوکاری ئەو هاوڕێیانەم دەکەم لەنەتەوەی دیکەن | 2.45 | 1.10 | 1.87 | 1.07 | 4.49 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە هاوکاریکردن لەو هاوڕێیانەی نەتەوەیان جیاوازە، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,٤٥)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٨٧). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر هاوکاری ئەو هاوڕێیانەیان دەکەن، کە نەتەوەیان جیاوازە لە خوێندنگەکان.

**خشتەی ژمارە(٣)**

**ڕێزلێنان لە بەرامبەر هاوکاریکردن**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ڕێزلێنانم بۆنەکراوە لە بەرامبەر هاوکاریکردنی هاوڕێیەکی خاوەن پێداویستی تایبەت | 3.11 | 1.24 | 3.00 | 1.34 | 0.68 | 0.48 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە ڕێزلێنان لەلایەن خوێندنگەوە بۆ ئەوکەسانەی هاوکاری هاوڕێکانیان دەکەن(ئەو هاوڕێیانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن)، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٣,١١)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(٣,٠٠)

**خشتەی ژمارە(٤)**
**وانەی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکان و فێربوونی ڕێزگرتن**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| لە بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکانەوە فێری ڕێزگرتنی بەرامبەر بووم | 2.75 | 1.37 | 2.00 | 1.17 | 5.01 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە لەوەرگرتنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەوانەی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,٧٥)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(٢,٠٠). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر بەهاکانیان وەرگرتووە لەو وانەیەوە بە بەراورد بەڕەگەزی مێ.

**خشتەی ژمارە(٥)**
**ڕێنمای مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێکانمان**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێکانمان ڕێنماییمان دەکەن | 2.29 | 1.39 | 1.44 | 0.57 | 7.10 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە ڕێنمای مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لەهاوڕێکان، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,٢٩)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٤٤). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر پابەندن بەوەرگرتنی ڕێنماییەکانی مامۆستایان لە خوێندنگەکاندا.

**خشتەی ژمارە(٦)**
**ڕێنمای مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕێنماییمان دەکەن | 2.15 | 1.40 | 1.43 | 0.67 | 5.88 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، ، لە ڕێنمای مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لەو کەسانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,١٥)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٤٣). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر پابەندن بەوەرگرتنی ڕێنماییەکانی مامۆستایان لە خوێندنگەکاندا.

**خشتەی ژمارە(٧)**
**هاوکاری کردنی هاوڕێیان لەکاتی بوونی کێشەیەك**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ئامادەم هاوکاری هاوڕێکەم بکەم گەر کێشەیەکی هەبوو | 2.19 | 1.51 | 1.29 | 0.61 | 7.04 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، ، لە ئامادەبوونی خوێندکاران بۆ هاوکاری هاوڕێکانیان کاتێك کێشەیەکییان هەیە، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,١٩)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٢٩). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر ڕۆحییەتی هاوکارییان تێدایە بۆ هاوڕێکانیان لەکاتی بوونی کێشەیەك بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

## ئەنجام

لە توێژینەوەکە دەرکەتووە خوێندکاران پابەندن بەبەهای هاوکاری و ڕێزگرتن لەخوێندنگەکاندا، بەرامبەر هاوڕێکانیان بەبێ گوێدانە جیاوازی ئاینی و نەتەوەی،هەروەها خوێندکارانی کوڕ بە بەراورد بەڕەگەزی مێ زیاتر پابەندن بە جێبەجێکردنی بەهای ڕاستگۆی و هاوکاری، وە هەروەها خوێندکارانی کوڕ بەراورد بەڕەگەزی مێ زیاتر بەهاکانیان وەرگرتووە.

### ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

1. گرنگی زیاتر بدرێت نە بەهاکۆمەڵایەتییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لەلایەن وەزارەتی پەروەردە.
2. بەڕێوبەری خوێندگەکان پێوستە مامۆستای پسپۆڕ دانێن بۆ ووتنەوەی بابەتەکە.

### پێشنیار

1. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بەهاکۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەك(متانە، پاکوخاوێنی ژینگە، متانە..)
2. ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەر پەرتوکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکان
3. لێکۆڵینەوە لە هۆکاری جیاوازی ڕەگەزی لە پابەندبوون بەهاکان لە خوێندگەکاندا.

## سەرچاوەکان

### تورکییەکان :

ARSLAN, Pınar, " Okul Kavramına İlişkin Metaforlar", Uluslararası Liderlik Çalışmaları, Cilt: 3 / Sayı: 1, (Nisan 2020), s2.

Aslan, Şehmus, )2014(, Anadolu Liselerinde Etkili Okul kavramının Yönetici ve Öğretmen Algılarına göre Değerlendirme, Gaziantep, Zirve Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Eğitim Ana Bilim Dalı, (Yayınlanmış yüksek lisans tezi), s12.

BÜYÜKSAKALLI, Turgut , 2019, Sosyal Bilgiler öğretmen Adaylarının Sosyal Değerlere Yönelik Görüşleri, Niğde Ömer Halisdemir Üniversitesi, Niğde, Türkçe ve Sosyal Bilimler Eğitimi Anabilim Dalı, Sosyal Bilgiler Eğitimi Bilim Dalı, s42

ÖZENİR, Gülenay ERDOST, 2019, Birleştirilmiş sınıf ve müstakil sınıf öğretmenlerinin okul kavramı ile ilgili metaforlarının karşılaştırılması, Tokat Gaziosmanpaşa Üniversitesi, Tokat, Temel Eğitim Ana Bilim Dalı, Sınıf Eğitim Bilim Dalı, s10.

Polat, Muhammed Ali, 2022, Okul kavramı bağlamında Türk çocuk edebiyatı metinlerinde millî eğitim genel amaçları ile uyuşmayan ifadeler, Düzce: Düzce Üniversitesi, Türkçe ve sosyal bilimler eğitim ana bilim dalı, Türkçe eğitim dalı, (Yayınlanmış yüksek lisans tezi), s21-22.

Uzunöz, Abdulkadir, 2016, Eğitim Bilimine Giriş, Nevşehir, s343.

### ئینگلیزییەکان

Hughes, Michale and Carolyn Kroehler(2005), sociology, edition 7th, p.44.

### سەرچاوە عەرەبییەکان

ديوى، جون(١٩٦٦)، المبادئ الاخلاقية فى التربية، ت. عبدالفتاح السيد الهلال، مصر: دار المصرية.

رشوان، حسين عبدالحميد أحمد(٢٠١٢) الأسرة و المجتمع، الاسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة.

زيدان، محمد مصطفى( ١٩٧٩)، معجم المصطلحات النفسية و التربوية، الطبعة الاولى، السعودية: دارالشروق للنشر والتوزيع والطباعة، ص. ٢٢٨.

سندى، بدرخان(٢٠٠٢)، المجتمع الكوردى فى المنضور الاستشراقى، الطبعة الاولى، اربيل: دار ئاراس.

شحاتة حسن و آخرون( ٢٠٠٣)، معجم المصطلحات التربوية و النفسية، الطبعة الاولى، لبنان: الدار المصرية.

الصالح، الدكتور مصلح(١٩٩٩) ، الشامل قاموس مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، الرياض: دار عالم الكتب للطباعة و النشر و التوزيع.

طه، حسن جميل(٢٠٠٧)، الفكر التربوى المعاصر و جزوره الفلسفية، الطبعة الاولى، عمان: دار المسيرة.

عامر، طارق عبدالرؤف"المؤسسات التربوية ودوروها في التنشئة الاجتماعية"جامعة الأمة العربية(٢٠١٩).

بدوى، الدكتور احمد زكى، ١٩٧٨، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، بيروت: مكتبة لبنان.

بينيت، طونى و آخرون( ٢٠٠٥)، معجم المصطلحات الثقافة و المجتمع، ت. سيد الغانمى، البصرة: المنضمة العربية للترجمة.

الجواهرى، محمد( ٢٠١٠) معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، القاهرة: مركز القومى للترجمة.

الحسن، احسان محمد(٢٠٠٥)، علم الاجتماع التربوي، الطبعة الأولى، عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.

بيومى، محمد احمد(١٩٨١)، علم الاجتماع القيم، اسكندرية: دار المعرفة الجامعيه.

الكعبى، فاضل(٢٠١٨)، الطفل بين التربية و الثقافة، الطبعة الثانية، القاهرة: السعيد.

ملحقة سعيدة الجهوية( ٢٠٠٩) المعجم التربوى، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية وزارة التربية الوطنية: المركز الوطنى للوثائق التربوية.

نخبه من علماء العرب فى علم الاجتماع( ٢٠١٠)، الموسوعة العربية للعلم الاجتماع، تونس: الدار العربية للكتاب.

### سەرچاوە کوردییەکان

بابان، ئەحمەد حمەعلی و ئەوانیتر(٢٠٢١)، بەکۆمەڵایەتی کردن و گەشەی منداڵ، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

بابان، ئەحمەد علی و عادل محمد نوری(٢٠٢٣)، کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، چاپی دووەم، سلێمانی: چوارچرا.

پارسا، محەمەد(٢٠٢١)،دەروونناسی پەروەردەی، و. عەباس جوامێری، بەبێ شوێنی چاپ: چاپخانەی تاران.

پەتی، عومەر ئیبراهیم عەزیز(٢٠٢٤)، بەها بڵاوەکان لە چیرۆکە میللییەکانی کوردی و عەرەبی، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین.

حمە، ئەحمەد علی(٢٠٢٢)، کارامەی کۆمەڵایەتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی : بەبێ چاپخانە.

حەسەن، ئیحسان محمد(٢٠١٢)،.تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان، و.دیدار ئەبوزێد، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

خەمەش، خەیری مەجدەدین عومەر(٢٠١٢)، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و. عبداللە خورشید و ئەوانیتر، هەولێر: ڕۆژهەڵات.

عزالدین، احمد عزیز و سلیمان، شەوبۆ شمس الدین(٢٠٢٤)، ڕێبازەکانی توێژینەوە لەزانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی فێربوون بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

لیژنەی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە(٢٠٠٩)، سیستەمی خوێندنگە بنەڕەتییەکان و خوێندنگەئامادەییەکان، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

محمد، شیرین صالح(٢٠١٦)"بەها لەکتێبی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتیدا" ئێساتای پرۆگرامەکان و تێڕوانینمان بۆ داهاتوو، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان، هەولێر٢٣-٢٤ تشرینی دووەمی٢٠١٦، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

محەمەد، کامەران(٢٠٢٠)، ڕنگدانەوەی کەلتوور، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

ئاشوری، داریوش، (٢٠١٣)، کەلتور چەمک و پێناسەکان، و. کۆسار فەتاحی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی موکریان.

ئەبراش، ابراهیم(٢٠١٣)، میتۆدەکانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی، و. دیدار ئەبوزێد، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئەلمیلاد، زەکی و الحوسەینی ،عەبدولحەسەن (٢٠١٢) پرسی کەلتوور تیۆر و ڕەهەندەکان، و. عبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی یاد.

### توێژینەوە کوردییەکان

کریم، عبدلخالد صابر(٢٠٢٤)، کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسی ئیتاڵی، فرەنسی، ڕوسی و ئەڵمانییەوە(١٨٢٠-١٩٢٠)، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە.

صالح، شیلان عبداللە( ٢٠١٩) ڕەوشی پەروەردەی ژینگەی لەقوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری سلێمانی، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، ماستەر نامەی بڵاونەکراوە.

عوسمان، بەهرۆز بەکر(٢٠٢٢)، ژنی کورد لەدیدی کوردناساندا، ، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

**توێژینەوە عەرەبییەکان**

الدين، يحى تقى(٢٠١٧-٢٠١٨)، القيم الثقافية المكتسبة من خلال استخدام الشباب للشبكات التواصل الاجتماعى، الجزائر: جامعة صالح بوبنيدر، كلية علوم الاعلام و الاتصال و السمعى و البصرى، قسم الاتصال و علاقات العامة، اطروحه دكتوراه غير منشورة.

رحماواتي، ريما أجانخ(٢٠١٦)، الأسس الثقافية في تعليم اللغة العربية، اندونيسيا: جامعة مولانا مالك ابراهيم الاسلامية، رساله ماجستير غير منشورة.

**گۆڤارەکان**

بوفرعة، عبدالمجيد و يوسف شملال"تحولات قيم الثقافة الشعبية بين المحلية و العالمية"، مجلة البحث فى العلوم الانسانية و المعرفية، المجلد الاول، (٢٠٢٤).

خروف، حميد،" فعالية القيم في العملية التربوية رؤية سوسيولوجية" جامعة منتوري، قسنطينة، الجزائر،عدد(١٠)، (١٩٩٨).

محمد، يسرى فتحى،"المدرسة و دورها فى التعزيز التنشئة الاجتماعية للطلبة"مجلة العلوم الانسانية و الطبيعية،الاردن،(٢٠٢٢).

هياق، ابراهيم،"القيم السوسيوثقافية للمجتمع الجزائرى فى المناهج التربوى"،(السراج)، الجزائير:جامعه الشهيد حمه لخضر، مجلد(٦)،٢٠٢٢.

بوفرعة، عبدالمجيد و يوسف شملال"تحولات قيم الثقافة الشعبية بين المحلية و العالمية"، مجلة البحث فى العلوم الانسانية و المعرفية، المجلد الاول، (٢٠٢٤).

**پاشکۆی(١)**

**ئاستی ڕاستگۆیی فۆڕمەکە ڕوندەکاتەوە**

| ژمارە | ناوی پسپۆڕان | ژ. برگە گونجاوەکان | ژ. برگە نەگونجاوەکان | ژ. برگە هەموارکراوەکان | پلەی ڕاستگۆیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. عاليه فرج مصطفى | ٥٥ | ٣ | ٣ | ٩٤,٨٢٪ |
| ٢ | پ.د.کەژاڵ حسێن محمد | ٥٥ | ٣ | ١ | ٩٤,٨٢٪ |
| ٣ | پ.د. توانا فريدون حسين | ٥٤ | ٤ | - | ٩٣,١٠٪ |
| ٤ | پ.ی.د.لقمان صالح كريم | ٥٥ | ٣ | ٣ | ٩٤,٨٢٪ |
| ٥ | پ.ی. د. پەیمان عبدالقادر مجيد | ٥٦ | ٢ | ٢ | ٩٦,٥٥٪ |
| ٦ | پ.ی.پەروین ابوبکرمحمد | ٥٥ | ٣ | ١ | ٩٤,٨٢٪ |
| ٧ | پ.ی.د. ناسیح كريم عبدالله | ٥٧ | ١ | ٣ | ٩٨٠٢٧٪ |
| ٨ | پ.ی.د. ئەحمەد على بابان | ٥٦ | ٢ | - | ٩٦,٥٥٪ |
| ٩ | پ.ی.د. عادل محمد نوری | ٥٧ | ١ | ١ | ٩٨٠٢٧٪ |
| ١٠ | پ.ی.د. کارزان محمد عارف | ٥٤ | ٤ | ٢ | ٩٣,١٠٪ |
| ١١ | پ.ی.د. هەردی زیاد صالح | ٥٧ | ١ | - | ٩٨٠٢٧٪ |
| کۆ | | ٦١١ | ٢٧ | ١٦ | ٩٥,٧٦٪ |

کۆی بڕگەکان= ٥٨

ژمارەی پسپۆڕان=١١

کۆی گشتی بڕگەکان بەم شێوەیە دەستمان دەکەوێت

(ژمارەی بڕگەکانی پێوانەکە × ژمارەی پسپۆڕان)، کەواتە کۆی گشتی بڕگەکان =٦٣٨

کۆی بڕگە گونجاوەکان= ٦١١

کۆی بڕگە نەگونجاوەکان=٢٧

کۆی بڕگە هەموارکراوەکان=١٦

کەواتە ڕێژەی سەدی ڕاستگۆیی فۆڕمەکە= $\frac{\text{ژمارەی برگە گونجاوەکان}}{\text{کۆی گشتی برگەکان}}$×١٠٠

کەواتە = $\frac{٦١١}{٦٣٨}$×١٠٠=٩٥,٧٦٪

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری توێژینەوەکەمان، کە پرسیارەکانی لەگەڵ پێوانەکردنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگەکان دەگونجێت.